



# کارکردنی خانمان لە پارکەکان ئەزموونێکی جوان و سەرنجڕاکێش

**ئەم کارە وێڕای قازانجی ماددی، سوودی ئەوەشی هەیە ئەزموونی باخەوانی پەیدا دەکەین**

**لەم وڵاتەدا کار زۆرە، بەڵام من وەکو ئافرەتێک حەز ناکەم هەموو کارێک بکەم**

یەڵدا ئیبراهیم تەمەنی ٣٤ساڵەو دەرچووی کۆلیژی کشتوکاڵە، وەك خۆی یاسی کرد، خێزاندارە و دایکی دوو منداڵە و زیاتر لە ١٠ ساڵیشە خوێندنی تەواو کردووە و دانەمەزراوە، لە ئێستادا لە یەکێك لە پارکەکانی شار وەك کرێکارێك باخەوانی کار دەکات و، هەر لە بارەی کارەکەیەوە دەڵێت: «ئیشەکە، خۆشە بەڵام کاتی دەوامەکەی زۆرە، بە درێژایی ڕۆژەکە یەك کاتژمێر پشوومان هەیە، هەروەها کارەکەشمان بە ڕۆژانەیە، ئەو ڕۆژەی نەخۆش بی، یان کارێکی زەروریت هەبێت، ئەوا پارەی ئەو ڕۆژەت بۆ حیساب ناکرێت، تەنانەت ڕۆژانی بارانیش کە کار ناکەین، ئەو ڕۆژەمان بۆ حیساب ناکەن».

ئێلین محەمەدی تەمەن ٢٦ ساڵ یەکێکە لەو دەیان خانمانەی کە لە پارەکەکان کار دەکات. ئەویش دەرچووی کۆلیژی کشتوکاڵە و خێزاندارە و دایکی کچێکە، وەك خۆی باسی دەکات ماوەی چوار ساڵە کۆلیژی تەواو کردووە و دانەمەزراوە، سەبارەت بە هۆکاری بەشداریکردنی لە پڕۆژەکەدا گوتی: «فۆڕمی زۆرم پڕ کردووەتەوە و زۆریش بەدوای کاردا گەڕاوم، بۆ ئەوەی بتوانم یارمەتی خێزانەکەم بدەم، ئەم کارەش وێڕای قازانجی ماددی سوودی ئەوەشی هەیە ئەزموونی باخەوانی پەیدا دەکەین».

نمە محەمەد تەمەنی ٣٠ ساڵە و دەرچووی کۆلیژی کارگێڕ و داراییە، سەبارەت بە ژیانی خۆی و کۆسپەکانی بەردەم کارەکەی دەڵێت: «منداڵێکم هەیە و زۆرجار لای ماڵی باوکم و هەندێك جاریش لای ماڵی خەسووم بەجێی دەهێڵم، لە کارەکەم مورتاحم و بەهۆی بێکاری ئەو کارە دەکەم، چونکە کرێچیم، ڕاستە بۆ ئێمەی دەرچووانی زانکۆ و ئێمەی ئافرەت کاری کرێکاری کارێکی قورسە، بەڵام خۆشییەکەی لەوەدایە کە ماوەکەی ٤٠ ڕۆژە و تەواو دەبێت، لەم وڵاتەدا کار زۆرە، بەڵام من وەکو ئافرەتێك حەز ناکەم هەموو کارێك بکەم».

شەهلا سلێمان دەرچووی پەیمانگەی پزیشکییە، سەبارەت بە کارەکەی بۆ گوڵان گوتی: «ماوەی سێ ساڵە خوێندنم تەواو کردووە و دانەمەزراوم، من بەشبەحاڵی خۆم هەر کارێك هەبێت، دەیکەم، بە مەرجێك تێیدا سەربەرز بم، چونکە ناچارم کار بکەم، کچی گەورەی ماڵم و برای گەورەم نییە، دایکم نەخۆشە و ناچارم یارمەتی باوکە پێشمەرگەکەم





**به هۆی کەمیی دەرفەتی دامەزراندن و نەبوونی هەلی کار و گرفتی ئابووری، بەشێك له دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان له پرۆژەیەکی رێکخراوی «ریچ» له پارکەکانی شار کاری باخەوانی و کرێکاری دەکەن، خانمانیش به رێژەیەکی بەرچاو لەم پرۆژەیەدا بەشدارن. کارمەندێکی رێکخراوی ناوبراو ئەوە دەخاتە روو کە زیاتر لە ساڵێکە هەڵمەتی پاککردنەوە و سەوزکردنی پارکەکانیان دەست پێ کردووە، ئەوەش دووپات دەاتەوە کە ئامانجیان رەخساندنی هەلی کارە بۆ چینی گەنجان و دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان، خانمانی بەشداربووی پرۆژەکە لە روانگەی جیاوازەوە باسی کارەکەیان دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

بدەم، ئەو برینداری سەنگەرە، لێرە بە هەرەوەزی و بە خۆشییەوە کاردەکەین، کارەکە بۆ بارودۆخی ئەمرۆمان گونجاوە، بەڵام ئەگەر خێزانەکەم پێویستیان بە هاوکاری و کارکردنی من نەبێت، ئامادە نەدەبووم کاری قورسی لەمجۆرە بکەم، چونکە بەراستی کرێکاری و باخەوانی بۆ ئافرەتان کارێکی قورسە، بەڵام ئێمە لە رۆژگارێکدا دەژین، نان لە گەرووی شێردایە، لەلایەکی دیکەوە لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژهەڵات وەکو خۆبەخش کار دەکەم، بەداخەوە بەهۆی دانەمەزراندن ٧٠٪ی کارمەندانی نەخۆشخانەکان خۆبەخشن و بەهۆی خۆشەویستییان بۆ پیشەکەیان و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ئەو کارە ئەنجام دەدەن.»

شاناز شۆڕش وەك چاودێرێك لە هەمان پارك کاردەکات و دەرچووی کۆلیژی دارایی و بانکە، سەبارەت بە کارەکەی گوتی: «ئێمە لێرە کۆمەڵێك چاودێرین و هەریەکەمان سەرپەرشتیی چەند کرێکارێك دەکەین، لەم پرۆژەیەدا گەنجان و خانمان و کەمئەندامانیش سوودمەندن، ماوەی کارەکە رۆژانە ٧ سەعاتە، لە ماوەی ئەو ٤٠ رۆژەدا، شەش سەعات و نیو مۆڵەتیان پێ دەدەرێت بۆ کاری پێویست، رۆژانی باران کار ناکەن، بەڵام ماوەی ٤٠ رۆژەکە تەواو دەکەن و، پارەی ٤٠ رۆژیان پێ دەدرێت، داواکارین نموونەی ئەو رێکخراوانە زۆر بن و هەلی کاری زیاتر بۆ چینی گەنجان و خانمان بڕەخسێنن.»

لەلای خۆیەوە خەندە ئیسماعیل کارمەندی مەیدانیی رێکخراوی ریچ، سەبارەت بە پرۆژەکەیان بۆ گوڵان گوتی: «ئێمە وەکو رێکخراوی ریچ لە ساڵی پارەوە دەستمان بەو پرۆژەیە کردووە، دوو ئامانجمان لە کردنی ئەو کارە هەیە، کە بریتین لە خزمەتکردن و سەوزکردنی ژینگەی شارەکە و رەخساندنی هەلی کار بۆ چینی گەنجان و خانمان و خاوەن پێداویستیی تایبەت و ئاوارەکان، بۆ ئەمساڵ ٦٥٠ تا ٦٧٠ کەس لە پرۆژەکەمان سوودمەند بوون، جگە لە پرۆژەی پارکەکان لە نەخۆشخانەکانیش هەڵمەتێکمان دەست پێ کردووە، کە ژمارەیان ١١ نەخۆشخانەیە و لەو ماوەیەدا، ١٧٢ پەرستارمان لە نەخۆشخانەکانی هەولێر بە شێوەی خۆبەخش دامەزراندووە، ئێمەش لە بەرنامەی کارماندایە کە هاوکاریی ماددییان بکەین، هەردوو پرۆژەکەش تاوەکو ئەمرۆ بەردەوامە».

**ناچارم کار بکەم، کچی گەورەی ماڵم و برای گەورەم نییە، دایکم نەخۆشە و ناچارم یارمەتی باوکە پێشمەرگەکەم بدەم**

**کرێکاری و باخەوانی بۆ ئافرەتان کارێکی قورسە، بەڵام ئێمە لە رۆژگارێکدا دەژین، نان لە گەرووی شێردایە**

### گەنجێکی خاوەن پێداویستیی تایبەت:

# ئەو بڕە یارمەتییەی کە بە کەمئەندامان دەدرێت زۆر کەمە و بەشی نیوەی پێداویستییەکانمان ناکات



■ سەرەڕای هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، قەیرانی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا کە هۆکارە سەرەکییەکەی بڕینی مووچە و بودجەی هەرێمە لە لایەن حکومەتی فیدراڵیی عێراقەوە، ژیانێکی تفت و تاڵی بۆ مووچەخۆران و بێکاران و بەتایبەتی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان دروست کردووە. زیاتر لە یەك ملیار کەس لە جیهاندا بەجۆرێك لە جۆرەکان بەدەست کەمئەندامێتییەوە دەناڵێنن. دەرهاوێشتە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان بە شێوەیەکی نەرێنی کار دەکاتە سەر مافەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و ئەوان باجی قورسی رۆژگار دەدەن. گەنجێکی خاوەن پێداویستیی تایبەتیش کە دەرچووی پەیمانگەی تەکنیکی هەولێرە باسی ئاریشەکانی ژیانی خۆی بۆ گۆڤاری گوڵان دەکات.

■ گوڵان: کۆمەڵایەتی

خۆشەوی ئەرجان عەلی، گەنجێکی خاوەن پێداویستیی تایبەتە و وەك خۆی باسی کرد، لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٧ی شاری هەولێرە و، ساڵی ٢٠١١ پەیمانگەی تەکنیکی بەشی کارگێڕیی کاری تەواو کردووە، بەڵام تا ئێستا دانەمەزراوە و بێکارە، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «بێکاری و نەبوونی داهات، ئەگەر بۆ خەڵکی ئاسایی قورس و گران بێت، ئەوا بۆ کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت پشت شکێنە.» ئەو گەنجە خێزاندارە و هێما بۆ ئەوەش دەکات کە زۆر هەوڵی ئەوەی داوە لە کەرتی حکوومی دابمەزرێت و ببێتە خاوەن کار و داهاتی خۆی، بەڵام تاوەکو ئێستا نە لە کەرتی حکوومی و نە لە کەرتی تایبەت دانەمەزراوە.

خۆشەوی ئەرجان لە ئاخاوتنێکی لەگەڵ پەیامنێری گوڵان، بەمجۆرە داواکارییەکانی خۆی خستەڕوو: «داواکارم هەلی کار بۆ کەمئەندامان دابین بکرێت، لەبەر ئەوەی تواناکانمان سنووردارە و هەموو کارێکمان پێ ناکرێت، هەر بۆیە کارکردن لە کەرتی حکوومی لەگەڵ سرووشتی بوونمان دەگونجێت، چونکە لەلایەك کارەکە بەردەوامە و لەلایەکی دیکەوە کارەکە هێندە قورس نییە، هەر لەبەر ئەوە پێموایە دامەزراندنمان لە کەرتی حکوومی زۆر لە کەرتی تایبەت باشترە، پاشان ئەو بڕە یارمەتییەی کە بە کەمئەندامان دەدرێت زۆر کەمە و بەشی نیوەی پێداویستییەکانمان ناکات، داواکارم بۆمان زیاد بکرێت، لانیکەم بکرێتە ٣٠٠ هەزار دینار و مانگانەش دابەش بکرێت، نەوەك وەك ئێستا کە دوو مانگ جارێك ١٥٠ هەزار دینارمان بۆ خەرج دەکرێت، من بەش بەحاڵی خۆم ئەگەر خوشك و براکانم هاوکاریم نەکەن، ناتوانم بەڕێوە بچم و لێرەوە سوپاسیان دەکەم و چاویان ماچ دەکەم کە زۆر هاوکارمن.» گوتیشی : «داواکاریم لە حکومەت و پەرلەمان ئەوەیە یاسای خاوەن پێداویستی تایبەت جێبەجێ بکرێت، هەروەها وەك هاوکارییەك بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندامان، داواکارم هەر دوو کەرتی تەندروستیی گشتی و تایبەت بکرێتە خۆڕایی، یان داشکاندنێکی باشی بۆ بکرێت، چونکە ئێمەی کەمئەندامان زۆر کێشەی تەندروستی رووبەڕوومان دەبێتەوە، هەروەها هیوادارم هەر لە منداڵییەوە لە رووی تەندروستی و پەروەردە و کۆمەڵایەتییەوە گرنگی بە خاوەن پێداویستی تایبەت بدرێت.» وەك دواوتەشی گوتی: من بەهرەم لە هونەری شانۆ و هونەری خۆشنووسی هەیە، شارەزاییم لە کۆمپیوتەر هەیە، کاری بێژەریم کردووە و لە فیلمی سینەماییش رۆڵم بینیوە. بۆیە لە هەر کام لەو بوارانەدا ئامادەی کارم و هیوادارم ئاوڕی جددی لە هەموو خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بدرێتەوە».

لەلایەکی دیکەوە چالاکی بواری پاراستنی مافەکانی مرۆڤ هونەر شێخ لەنگەری، سەبارەت بە دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەندروستی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بۆ گوڵان گوتی:» دەستبەرکردنی یاسای پێویست، لە پێناو پاراستنی مافی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و قەرەبووکردنەوەیان و دووبارە هێنانەوە و تێکەڵکردنەوەیان بە کۆمەڵگە و دابینکردنی هەلی کاری گۆنجاو لە پێشینەی ئەو خزمەتانەیە کە پێشکەشی ئەو چینە بکرێت، بۆ ئەوەی وەك هەر تاکێکی ئەم وڵاتە بتوانن لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا کاربکەن،

پێویستە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە زۆربەی بوارەکانی ژیان کردن ببەخشرێن، لەوانە کەرتی تەندروستی و باج و رسومات و کارەبا، هاوکات لە بوارە سەرکییەکانی ژیان ئاسانکاریان بۆبکرێت.

یان هەوڵی ئەوە بدرێت خزمی پلە یەکیان تەعین بکرێت، ئەویش بۆ ئەوەی بەجوانی خزمەت بکرێن و لەڕووی ئارامی دەروونی و تەندروستییەوە ژیانیان پارێزراو بێت».

ئەو چالاکەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ هاوکات گوتی: «ئەوانەش کە خوێندنیان تەواو کردووە، ئەبێت لە بوارەکەی خۆیدا تەعین بکرێت و تەنانەت ڕێژەیەکی دیاریکراو لە هەلی دامەزراندن بۆ کەم ئەندامان تەرخان بکرێت، هەروەها ئەوانەی کە بڕوانامەیان نییە ئەبێت ئەوانیش هەلی تەعیناتیان هەبێت، کە لەگەڵ هێز و دۆخی کەمئەندام گونجاو بێت، کە لە ئازاردانی دەروونی و جەستە دوور بێت،

هەروەها ئەو ١٥٠ هەزارەی پێیان دەدرێت بە شایستەی ئەوان نازاندرێت و زۆریش کەمە و بەشی هیچ ناکات، حەقی زیاتریان هەیە».

**بێکاری و نەبوونی داهات، ئەگەر بۆ خەڵکی ئاسایی قورس و گران بێت، ئەوا بۆ کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت پشت شکێنە**

**داواکارم هەلی کار بۆ کەمئەندامان دابین بکرێت، لەبەر ئەوەی تواناکانمان سنووردارە و هەموو کارێکمان پێ ناکرێت**

**قەرەبووکردنەوە و دووبارە هێنانەوە و تێکەڵکردنەوەیان بە کۆمەڵگە و دابینکردنی هەلی کاری گۆنجاو لە پێشینەی ئەو خزمەتانەیە کە پێشکەشی ئەو چینە بکرێت**

**ئەگەر خوشک و براکانم هاوکاریم نەکەن، ناتوانم بەڕێوە بچم و لێرەوە سوپاسیان دەکەم و چاویان ماچ دەکەم کە زۆر هاوکارمن**

